www.kurdistannet.org
22:17 18-9-2005 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەو خەونەی کە نەهاتە دی. . . . . بۆ مەرزیەی فەریقی ... نووسینی: هەڵکەوت زاهیر



چەند ستەمە گەر مرۆڤ خامە بگرێتە دەست و دواین ئەسرینی سۆز و خۆشەویستی، دواین پەیڤی ئەوین بۆ مرۆڤێکی بەهەق شکۆمەندو شەنگە باڵا بهۆنێتەوە، هەر دوێنێ شەو، بەڵێ دوێنێ شەو لەدواین ئاخاوتنی نێوانمان، هەستم بەمەزنی وپیرۆزی هونەرو مۆسیقا. . . ووشە وئاواز. . . نارە وهۆرە. . بەستە ومەقام. . لاووك وحەیران و سیاچەمانە. . . گۆرانی وسروودم، لەقسەکانیدا دەکرد، ئای چەند گەورە بوو شەبەنگی خۆشەویستی وهەستی مرۆڤ دۆستانەی ئەو خاتوونە مەزن ولوتکە پایە. . خاتوو مەرزیەی فەریقی.

بەڵێ خاتوو مەرزیەی فەریقی. . . ئەوەندە بەمیهرەوە لەگەڵ گۆرانیدا مامەڵەی دەکرد، هەمیشە بەناخی ووشە وئاوازەکاندا ڕۆدەچوو، هەندێ جار وای لێدەکردم ئیرەیی پێ بەرم، نەك هەر ئەوە، پاش ئەوەی ئەو ئاواز و ووشانە لەگەرووی ئەوی هونەرمەند دەهاتنە دەر، سەرسامی وهەستێکی زۆر خۆش خورپە و موچڕکە بەخش بەدەروونمدا گوزەری دەکرد، هێندەی تر شێڵگیر دەبووم بۆ ئەوەی دەست وبرد بکەم لەدانانی ئاوازی تر و گوێ نەدەمە ماندووبوون وشەونخونی.

وێڕای ئەوەی دواین گۆرانی نوێی تۆمارکراوی خاتوو مەرزیەی فەریقی، گۆرانی ( (هەموو شەو) ) بوو، ئەم گۆرانیە کە ( (گۆرانی تەرەب) ) بوو، ئەمەش بۆ یەکەمجار لەهونەری گۆرانی کوردیداو بۆ یەکەمجاریش بوو ئەم خاتوونە وەك گۆڕین وڕێچکەیەکی نوێی گۆرانی ووتن، تۆماری کرد، ئاوازی بەندە و شیعری برای شاعیر بەڕێز ( (تاریق فەقێ عەبدوڵا) ) بوو کەلەتەلەفزیۆنی سەتەلایتی کوردسات دوو هەفتە پێش ئێستا بڵاو کرایەوە، هاوکات دواین پڕۆژەی هونەری کەبەدەستمەوە بوو وەك کاری ئاواز دانان هەر لەگەڵ ئەو خاتوونە هونەرمەندە شکۆمەندەبوو، بریتی بوو لە شەش گۆرانی وئەمانیش وەك درێژە پێدانی ئەم شێوازە نوێیە لەهونەری گۆرانی کوردی دا، گۆرانی تیابوو نزیکەی ( (15 تا 20 خولەکی) ) دەبوو، کە ئاوازەکەیان تەواو بووبوو، شیعرەکانیش، هی بەڕێزان ( (خاتوو مهاباد قەرەداغی و تاریق فەقێ عەبدوڵا وکەژاڵ ئەحمەد و زیاد ئەسعەد) ) بوون، لەم شەش ئاوازەمدا کە شێوازێکی نوێی گرتۆتەخۆ ودابەشکردنی مۆسیقای هاوکات تازەگەریەکی تری بەخۆوە بینیوە کەلەدابەشکردنی مۆسیقاری بەناوبانگ ( (یەحیا موجی) ) بوون، تەنیا پێش دوو ڕۆژ لەبەناوبانگترین تۆمارگای مۆسیقا لەڕووی تەکنیکی تۆمارکردن لەووڵاتی میسر تەواو بوون، کەبەشێوازێکی زۆر نوێ وبۆیەکەمجارە پڕۆژەی هونەری گۆرانی کوردی وا بێتە بەرهەم، بەڵام بەداخەوە ئەم کۆچە ناوادەیە، ئەم کۆستە گەورەیەی بەکۆچی دوایی ئەم پایەمەزنەی هونەری کوردی، لەگەلەکەمان کەوت، وەیشوومەی مەرگ وناسۆری کۆچی دوایی خاتوو مەرزیە فەریقی بواری نەدا ئەم پڕۆژە مەزنە هونەرییەی خاتوو مەرزیەبەدەنگە بەسۆزەکەی بخرێتەسەرخەرمانی گۆرانی کوردی، ئەمە وچەندین پڕۆژەی تری هونەری ئەم هونەرمەندە مەزنەمان، لەگەڵ ڕەهێڵەی وەرزی مەرگ وکۆچی کتوپڕی مەرزیە فەریقی مرۆڤ و هونەرمەندو خاتووزینەکەی کوردستان، بوونە قوربانی.

گەرچی نازانم پاشەڕۆژی ئەوپڕۆژە هونەریە (ئەو گۆرانیانەی، ئاواز و شیعر وتۆماریان تەواو بووە) کە ئێستا بەکۆچی دوایی خاتوو مەرزیە، هەتیوو بوون، وەکو وەفا وڕێزلێنان لە مەزنێتی خاتوو

مەرزیە، کێ ئامێزیان بۆ دەگرێتەوە و دەیان چرپێت، بەڵام ئەوەندە دەزانم، زۆر کەمن ئەوانەی دەتوانن زایەڵەی دەنگە بەسۆزەکەی خاتوو مەرزیەی فەریقی بن.
لەم کۆچە ناوادەتا، ناتوانم هیچ شتێك بڵێم، کە بتوانێت ئەو هەست و سۆزەی لەدەروونتدا هەیەبخاتە دوو توێی نوسینێك کەشەنگ وپایەبەرز ومەزنتر بێت لەو گۆرانیانەی، خەرمانێك شکۆمەندی وپشکۆژەی شەرەفمەندێتی بۆ بەجێ هێشتووین، دیدارت خێر وبەرەکەت، خوات لەگەڵ ئەی شاژنەکەی هونەری کوردی، خاتوونە بەرز ولوتکەباڵاکە، ئۆغرت خێر ئەی ئەو خاتوونەی گۆرانی کوردیت بەباڵای خۆت گرت، تاجی مەزنی گۆرانیت لەسەر کرد.